# ئاماژە سیمۆلۆجییەکانی وێنەیەکی فۆتۆگرافی جینۆسایدی ئەنفال

**پ.د.ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا**
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/بەشی راگەیاندن/ زانکۆی سلێمانی
Ibrahim.fathulla@univsul.edu.iq

**فتاح محمود رۆستم**
توێژەری بواری جینۆساید/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی گەرمیان
: fatah.06002457@univsul.edu.iq

**پوختە:**
ئەم توێژنەوەیە هەوڵێکە بۆ بەئاگابوون لە ئاماژە سیمۆلۆجییەکانی وێنەیەکی فۆتۆگرافی کە لە سەرووبەندی جینۆسایدی ئەنفالدا لەقەڵای (نزارکێ) ی پارێزگای دهۆک گیراوە ، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنە ڕووی ئەو هێمایانەیە کە لەنێو ئەو وێنە فۆتۆ گرافیەدا هەیە، بۆ ئەو مەبەستە بەپشت بەستن بە میتۆدی شیکاری چۆنایەتی سیمۆلۆجی کە یەکێکە لەو میتۆدانەی ئاماژە جۆراوجۆرەکانی وێنە لە سەر ئاستی بینراوو نە بینراو دیاری دەکات گەیشتۆتە کۆمەڵێک دەرئەنجام لەوانە ئاماژە سیمولۆجیەکانی وێنەکە لە رووی بینینسازییەوە ئەوە دەردەخات پرۆسەی ئەنفال پرۆسەیەکی گشتگیر بووە جیاوازی لە نێوان ژن و پیاو منداڵ و پیرو گەنجدا نەکردووە، دۆخی دەروونی دەستگیرکراوەکانیش دۆخێکی نائاسایی و هەستکردنە بە چارەنووسێکی نادیار.

**کلیلە وشەکان: وێنەی فۆتۆگرافی، سیمۆلۆجیا، ئەنفال، جینۆساید**

**پێشەکی:**

جینۆسایدی ئەنفال کە لە ساڵی ١٩٨٨ رژێمی ئەوکاتەی عێراق دەرهەق بەخەڵکی کوردستان ئەنجامیدا، لە چوارچێوەی پلانێکی وردی نەخشە بۆداڕێژراودا بوو، بە جۆرێک ڕژێمی عیراق هەوڵی داوە ئەو جینۆسایدە بە شاراوەیی و دوور لە تۆمارکردن ئەنجام بدات،(گوڵپی، ٢٠٢١، ٩٦) بۆیە کەمترین وێنەی ئەو جینۆسایدە بەدی دەکرێت، ئەو وێنانەشی دەست کەوتوون بەهەوڵی تاکەکەسی کۆکراونەتەوە، هەروەک تائێستا کەمترین هەوڵی زانستی دراوە بۆ شیکردنەوەی وێنەکان، ئەم هەوڵە زانستییە بۆ شیکردنەوەی وێنەیەکی ئەنفالە لە ڕێگەی خستنە رووی دیارترین ئاماژەو مانا شاراوەکانی بە بشت بەستن بە نێوکۆی کات و شوێن و دیدگای نێرەرو وەزیفەی وێنەکەو ئەو تەکنیکەی

وێنەکەی لە چوارچێوەدا گیراوە، هەر لەم رێگەیەوە کۆمەڵێک مانای جۆراو جۆر لە خۆ دەگرن کەگوزارشتن لە نەهامەتی و ئازارەکانی ئەو کەسانەی بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوتوون، کە ئەمەش بابەتێکی هەستیاری مرۆیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی و بەرخوودانی نەتەوەیی پیشان دەدات. بەهەمان شێوە لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە دەتوانرێت کەلێنەکانی خوێندنەوەی وێنەیی لەو بوارەدا دیاری بکرێت و جەخت لەسەر جۆرێک خوێندنەوە بکرێت کە پێشتر ئاوڕی ئەوتۆی لێ نەدراوەتەوەو کاریگەرییەکی زۆر بە جێ دەهێڵێت.

### بەشی یەکەم: لایەنی میتۆدی

#### کێشەی توێژینەوە:

شاڵاوەکانی ئەنفال بە یەکێک لەو جینۆسایدە دیارانە دادەنرێت کە رووبەڕووی مرۆڤایەتی بەگشتی و خەڵکی کوردستان بۆتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامانە تا ئێستا ئەم جینۆسایدە لەسەر بنەمای وێنەکانەوە شیتاڵ نەکراوە، ئەمەش بۆ دەگمەنی ئەو وێنانە دەگەڕێتەوە کە ڕاستی جینۆسایدەکەی تۆمارکردووە، لەسەر ئەم بنەمایە و سەرەڕای کەمی وێنەکان ئەم توێژینەوەیە لەسەر بنەمایەکی زانستی شیکاری بۆ وێنەیەکی دەگمەنی جینۆسایدی ئەنفال دەکات بەو پێیەی شیکردنەوەی ئەو وێنەیەی ئەنفال جۆرێک لە تەمومژاوی پێوەدیارەو نازانرێت تاچ رادەیەک و لە چ بوارێکدا کاری لەسەر کراوە،

بۆیە کیشەی ئەم توێژینەوەیە ئەو ناڕۆشنییەیە کە لە ئاماژەکانی یەک وێنەی ئەنفالدا هەیەو پێویستی بەوەیە ڕۆشناییان بخرێتە سەر بۆ ئەو مەبەستەش ئەم چەند پرسیارە دەخرێتە روو کە گوزارشتن لە کرۆکی کێشەی ئەم توێژینەوەیە:

١- ئایا دیارترین ئەو گوزارشتانە چین کە نێو کۆی کات و شوێن بە وێنەکەی ئەنفالی دەدات؟

٢- ئایا دیدگای نێرەر بە چ ئاڕاستەیەک مامەڵەی لەگەڵ وێنەی ئەنفالدا کردووە ؟

٣- ئایا ئەو هێمایانەی بینینسازی چین کە لە وێنەکەی تایبەت بە ئەنفالدا بەدی دەکرێت ؟

#### گرنگی توێژینەوە:

١- گرنگی زانستی: ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی زانستیی بەتایبەت لە نیوەندە ئەکادیمییەکاندا بەو پێیەی بوارەکانی تایبەت بە شیکاری سیمولۆجی بۆ وێنەی ئەنفال ئاوڕی زۆری لێ نەدراوەتەوەو پێویستی بە هەوڵی زیاترە، بە واتایەکی دیکە ، ئەم توێژینەوەیە کاردەکات بۆ دەوڵەمەندکردنی میراتی زانستیی بەهۆی نەبوونی لێکۆڵینەوەکانیی پەیوەست بە شیکاری وێنەیی لە شاڵاوی ئەنفالدا.

٢- گرنگی پراکتیکی: دەکرێت لایەنە پەیوەندیدارەکان سوود لەم توێژینەوەیە وەربگرن، لەوانە میدیاکانی هەرێمی کوردستان و نیوەندەکانی تابەت بە جینۆساید و ئەنفال بەمەبەستی نەهێشتنی ئەو کەلێنانەی لە سەروبەندی شیکردنەوەی ئەنفال رووبەڕوویان دەبێتەوە، هەروەها ئەم توێژینەوەیە بەرچاوڕوونییە بۆ ڕێکخراوە حکومی و



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ناحکومییەکان و ناوەندە فەرمییەکانی تایبەت بە کەیسی ئەنفال، تا میتۆدی زانستی زیاتر لە بواری راڤەکاری تایبەت بە شاڵاوەکانی ئەنفال بگرنە بەر.

**ئامانجەکانی توێژینەوە:**

١- خستنە رووی گوزارشتانەکانی نێوکۆی کات و شوێنی تایبەت بە ئەنفال لە ڕێگەی وێنەوە.

٢- دیاریکردنی دیدگاکانیی نێرەر لە مامەڵەکردن لەگەڵ وێنەی ئەنفال لە رووی تەکنیک و ئەرکەوە.

٣- پیشاندانی دیارترین هێمایاکانی بینینسازی کە لە وێنەی تایبەت بە ئەنفالدا بەدی دەکرێت.

**میتۆدی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستووە بە شێوازی شیکردنەوەی گوتاری میدیایی، بە پشت بەستن بە شیکاری سیمۆلۆجی وێنە ، کە شیکارییەکی ڕاڤەکارییە خودییە

**کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوە :**

بەو پێیەی توێژینەوەکە پەنای بردۆتە بەر یەک وێنەی فۆتۆگرافی شاڵاوی ئەنفال کە بۆ یەکەم جار لە گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە( ٥ )ساڵی ٢٠٠٨، بڵاو بۆتەوە ، بۆیە کۆمەڵگەو سامپڵ یەک وێنەی فۆتۆگرافی شاڵاوەکانی ئەنفالە .

**بەشی دووەم: لایەنی تیۆری :**

**جینۆسایدی ئەنفال و قۆناغەکانی جێبەجێکردنی:**

وێستگەکانی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوەکان بە پێی قۆناغ پەیوەندی راستەوخۆی هەبوو بە هێرشەکانی حکومەتی عێراق بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە ، بەشێوەیەك حکومەتی عیراق بڕیاری قەدەغەکردنی هەندێك ناوچەی دەرکرد، بەمەش ئەنفالی یەکی دەست پی کرد، ئامادەکاری کرد بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی ناوچە لە شێوەی ئۆردوگا، بەئاشکرا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکانی عیراق لە (١٩٨٨/٣/٢٠)دا(وشەی ئەنفال) دەرکەوتووە، لەوانە ڕۆژنامەی (الثورة)ی زمانحاڵی (حزبی بەعسی عێراق) کە بەیاننامەی ژمارە(٣٠٨٧)ی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق لە (١٩٨٨/٣/١٩)و بروسکەی (سوڵتان هاشم ئەحمەد) فەرماندەی فەیلەقی یەك و پرۆسەی ئەنفالی یەك بە بۆنەی ئەنجامدان و سەرکەوتنی پرۆسەی ئەنفال بڵاوببووەوە، تیایدا وەك ناوێك بۆ پرۆسەیەکی سەربازیی سوپای عێراقی لە کۆتایی (شوبات تا ١٩٨٨/٣/١٩) بۆ بەشێك لە ناوچەکانی سلێمانی، لە دۆڵی جافایەتی بەکارهاتبوو، هەروەها رۆژنامەی هاوکاری بە مانشێتەکانی (فەرماندە – مەبەستی صدام حسینی سەرۆك کۆمارە - مژدەی سەرکەوتنی بە فەرماندەی- مەبەستی (سوڵتان هاشم ئەحمەد)ە، لە پرۆسەی ئەنفالەوە پێدەگات، (پرۆسەی ئەنفال، تاجی سەرکەوتنێکی گەورەی عێراقی دەکاتە سەری چیا نازدارەکانمان) هەوڵی سەرکەوتنی پرۆسەی بڵاوکرابووەوە. لە بارەی ناونانی پرۆسەی ئەنفال (نزار خەزرەجی) لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: دوای تەواو بوونی شەڕی (پیرەمەگرون، سەرگەلو، بەرگەڵو) لیوا روکن(کامیل ساجت عەزیز) ناوی ئەم پرۆسەی نا ئەنفال(فەرەج، ٢٠٢٢، ل ٥٠)



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ئەنفال بەیەکێك لە دڕندانەترین هیرشەکان دادەنریت بۆ سەر ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، لەو هێرشەدا بە هەشت قۆناغ ، شەش ناوچەی جوگرافیای کردە ئامانج، کەتیایدا بەهەزارەها مرۆڤی بێ تاوانی لە نێوبرد، لەو هێرشانەدا تەواوی سێکتەرەکان کرابوون بە ئامانجی حگومەتی عیراق، چونکە حکومەتی عیراق بەرنامەڕیژی کردبوو بۆ سڕینەوە و لە ناوبردنی گەلی کورد، سەرەتای دەسپێکردنی بە کۆکردنەوە و دواتر بە ڕەوانەکردنی بۆ نیو زیندانەکانی خوارووی عێراق رەوانەی دەکردن (جەباری، ٢٠٢٤)

ئەوەی باسی لێوە دەکرێت سەبارەت بە تاوانی ئەنفال لە باشووری کوردستان تەنها مەترسیدارترین قۆناغەکانی ١٩٨٨نییە، بەڵکو پێش ئەوە بە (٤) چوار قۆناغ دادەنرێت کە بە پاکتاوکردنی تاکی کورد دەست پێ دەکات، بەڵام ئەم قۆناغانە بێ پلان بوون.

<u>**قۆناغی یەکەم: ١٩٦٣ بۆ ١٩٦٨**</u>:بەر لەم قۆناغە چەند جارێك لەلایەن عەرەبی عیراقەوەپرۆسەی عەرەباندن بەڕێوە چوو، نەگەیشتبووە ئاستی سڕینەوە، بەرنامە ریژی وردی بۆ نەکرابوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٣و دوای هاتنی بەعسیەکان لە مانگی دووی ئەوساڵە بەکودەتا بۆ سەر کورسی دەسەڵات، یەکەمین کارێ کەکردیان سەر کوتکردنی خەڵکی سڤیلی کوردستان بوو لە هەنگاوی یەکەمدا لەسنوری پارێزگای کەرکوك و شارۆچکەی مەخمور کەوتە وێزەی گوندە کوردنشینەکان و بەبیانوی جۆراو جۆر دەیان گوندی راگواست،سەدان گوندی کوردی سنورەکەیان سوتاندو تاڵانکرد،لەو ماوەکەمەی ١٩٦٣ دا زەعیم سدیق و بەعسیەکان خەڵکێکی زۆریان بێمەحکەمەو هەر لەبەر کورد بوون کوشت،تا ئێستا توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی ورد لەو قۆناغە نەکراوە.

<u>**قۆناغی دووەم: ١٩٦٩بۆ ١٩٧٤**</u>: لەم قۆناغەدا جۆرێك لە رێکەوتن و گفتوگۆی بەردەوام لە نێوان بزوتنەوەی رزگاری کورد و دەسەڵاتداران هەبوو، بەڵام پرسی راگواستن و دەرکردنی کورد بەتایبەت لە کەرکوك و جەلەولاو شوێنەکانی تر بەردەوام بوو، لەم قۆناغەشدا لە ساڵی ١٩٧٢ نەوت بەعسێنرا یاخود عەرەبێنرا، ئەوە جگە لەوەی چەندین گەڕەکی تەعریب لەناوجەرگەی کەرکوك درووستکراو چەندین خێزانی کوردیش بەر شاڵاوی راگواستن و دەرکردن کەوتوون(رۆستەم، ٢٠٢٣، ل ٤٨٤)٠

<u>**قۆناغی سێیەم: ١٩٧٥ بۆ ١٩٨٠**</u>: ئەم قۆناغە لەدوای ئاشبەتاڵی ١٩٧٥ وە دەست پێدەکات و لەساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی عیراق ئێران کۆتای دێت، لەم قۆناغەشدا سیاسەتی سڕینەوەو راگواستن و تەعریب و تەبعیس درێژەی هەبوو،بەتایبەت ناوچە سنوریەکان.

<u>**قۆناغی چوارەم: ١٩٨٠ بۆ ١٩٨٨**</u>: لەم قۆناغەدا کورد و بەعس ناوبەناو دەکەوتنە شەڕی زۆر قورسەوە، بەعسیەکانیش بەهەموو جۆرە چەکێك کەوتبوونە وێزەی خەڵکی سڤیل و ستەمێکی زۆریان لە خەڵك کرد، نەخشەی ستەمکاری ئەنفال کەلەم قۆناغدا کێشراو لەکۆتاییەکانی قۆناغەکەدا جێبەجێکرا، ئەمەش چڵەپۆپەی جینۆسایدبوو(فەرەج، ٢٠١٣، ل ل ٩-١٠)

هەموو ئەو تاوانانەی لە دژی کورد ڕوویان داوە، ئامانجی زۆرینەیان بریتی بووە لە لەناوبردنی هەموو کورد یان بەشێکی، بەخاك و مرۆڤەکانییەوە وەك جینۆساید. بەگوێرەی مادەی ١١ کە پێناسەی جینۆساید دەکات، چوار کەیسی



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

کوردی بە جینۆسـاید ناسـاندووە، کەیسـەکانیش بریتین لە ئەنفال، ئەنفالی بارزانییەکان، کوردانی فەیلی و کیمیابارانی هەڵەبجە(ئەحمەد، ٢٠٢١، ل ل ٩٥-٩٦)

ئەنفال ئەو ناوەبوو کە بە زنجیرەیەک هێرش و پەلاماری نەخشـە بۆ کێشـراوی سـەربازی ئەنجامدرا، سـەرجەمیان هەشـــت پەلامار بوون لە شـــەش ناوچەی جوگرافیای جیاواز بەڕێوەچوون، لە نێوان مانگی شـــووبات و ســـەرەتایی ئەیلوولی سـاڵی ١٩٨٨ی.ز دا، ئەنفال بە هەموو شـێوەکانی گرتن و ڕاگواسـتن و کوشـتن و تاڵانکردن و بەعەرەبکردن، بەڵام ئەمەی کە لە ساڵی ١٩٨٨ی.ز بەناوی ئەنفال بەرامبەر گەلی کوردستان ئەنجامدرا، شێوەیەکی تایبەتی وەرگرت، لە دڕندایەتی و قڕکردندا، کە دەتوانین بە جۆرێکی ترســناکی (جینۆســاید) لەم ســەردەمەدا بە مرۆڤایەتی بناســێنین، هێرشـەکانی ئەنفال بە یەکێک لە قێزەونترین و زەقترین دیاردەکانی پێشـلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن ڕژێمی عێراقی دەسـتکردەوە دادەنرێت، کە پەلامارە سـەربازییەکان ڕاسـتەوخۆ لادێیەکان و چەند شـارۆچکەیەکی کوردسـتانیان بە تەواوەتی وێرانکرد و ژمارەیەکی زۆری دانیشـتووانە بێتاوانەکەیان بۆ چەند شـوێنێکی تایبەت ڕاگواسـتەوە، بۆ بیابانەکانی ڕۆژئاوای عێراقی دەسـتکردی داگیرکەر، بۆ نزیک سـنووری عێراق-سـعوودیە، کە زۆربەی هەرە زۆریان لەم ناوچایەدا زیندەبەچاڵ و گولەباران کران و ماڵ و سـامانیشـیان وەک دەسـتکەوتی شـەڕ بە تاڵان بردرا(میدڵ ئیسـت وۆچ،٢٠٠٤، ل ل ١٢٩-١٧٩)

**<u>قۆناغەکانی ئەنفال</u> کە پلان داڕێژراو بوون**

**<u>ئەنفـالی یەکەم:</u>** دۆڵی جـافـایەتی(٢٣)ی شـــوبـات تـاکو ١٩ ی مـارت بەردەوام بوو، ئەو نـاوچـانە دەگرێتەوە بنکەوبارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی بووئەوانیش (دووکان،بنگرد، قەڵاچۆلان،سەچنار،سورداش) کەسەر بەپارێزگای سلێمانی بوو(عەزیز، ٢٠٠٥، ل ٦٦)

**<u>ئەنفالی دووەم:</u>** ناوچەی قەرەداغ: ناوچەکانی (بازیان، قەرەداغ، دەربەندیخان) دەگرێتەوە کەلە ٢٢ ی ئازار دەستی پێکرد تاکو (١) ی نیسانی ١٩٨٨ز ی خایاند(شامحەمەد، ٢٠٠٧، ل ٧٠)

**<u>ئەنفالی سێ:</u>** ئەنفالی دەڤەری گەرمیان: لە ٧ ی نیسان تا ٢٠ ی نیسان، لەلاپەڕەکانی تردا بەدرێژای باس لەم قۆناغە دەکەین

**<u>ئەنفالی چوارەم:</u>** ئەنفالی دۆڵی زێی بچووك: لە ٣ تا ٨ ی مایســی ســاڵی (١٩٨٨ز) خایاند، ناوچەکانی (تەق تەق، دەشتی کۆیە، شوان، ئاغجەلەر، شێخ بزێنی، خاڵ خاڵان) دەگرێتەوە(مەلا شاخی، ٢٠٠٧، ل١٨)

**<u>ئەنفالی پێنج وشـــەش وحەوت</u>:** ناوچەی شـــەقڵاوەو ڕەواندز: لە ١٥ ی مایس تا ٢٦ ی ئابی ١٩٨٨ز خایاند، کەلە شـــەقڵاوە دەســـت پێدەکات بەرەو دۆڵی بالیســـان، دۆڵی ئالان، دۆڵی ســـماقوڵێ، دۆڵی مەلەکان، دۆڵی وەرتێ، دۆڵی حەیران، دەگرێتەوە(تەنیا، ٢٠١٠، ل ١٧)

**<u>ئەنفالی هەشت</u>**: ناوچەی بادینان: لە ٢٥ /٨ تا ٦ ی ئەیلول ساڵی (١٩٨٨ز) بوو، کەناوچەکانی ( دهۆك، زاخۆ، ئەتروش، ئامێدی تاوەکو سنوری نێودەوڵەتی کوردستان تا نزیك تورکیا) دەگرێتەوە(مەحمود، ٢٠٠٩، ل ٥٥)



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**دەروازەیەک بۆ شیکاری سیمۆلۆجی:**

سیمۆلۆجیا یاخوود نیشانەناسی بە یەکێک لەو بوارە مەعریفیانە دادەنرێت کە لە توێژینەوە مۆدێرنەکاندا کاری لەسەر دەکرێت، ئەم بوارە مەعریفییە وەک میتۆدێکی توێژینەوەیی سەرەڕای فرەیی زاراوە و واتاکانی بە پلەی یەکەم کاردەکات بۆ لێکدانەوەی واتا و هێما و نیشانەکانی، چونکە پێی وایە تەواوی سیستەمی گەردوون لەسەر بنەمای هێما و نیشانە گرنگەکان دامەزراوە، لەم سۆنگەیەوە سیمۆلۆجی لە پێکهاتەی نیشانەکان و پەیوەندیی و دابەشبوونیان و ئەرکە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دەکۆڵێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ناکرێت خۆمان لەو ڕاستییە بەدوور بگرین کە چەمکی سیمیۆلۆجیا پەیوەستە بە لێکدانەوەی خودی ، چونکە نیشانەی سیمیۆلۆجی لە ڕووی ماناسازییەوە سنووری نیشانەی زمانەوانی تێدەپەڕێنێت، بۆیە ئەو کەسەی ئاماژەو نیشانەکان شیدەکاتەوە نابێت بەڕەهایی هەژموونی خۆی بسەپێنێت و بانگەشە بۆ ئەوە بکات ڕاستی کۆتایی لای ئەوە، چونکە دۆزینەوەی هێماو نیشانەکان یەکجار زۆرن و واتاو مانا شاراوەکانی خویندنەوەی بەردەوام هەل دەگرێت، بۆیە ڕەوایەتی ڕەها یەکێکە لەو کێشانەی ڕووبەڕووی راڤەکردنەوە سیمولۆجییەکان دەبێتەوە و لەم سۆنگەیەوە پۆڵ ڕیکۆر لێکدانەوە بە فرەیی مانا دەبەستێتەوە و پێی وایە لێکدانەوە بریتییە لە کاری بیرکردنەوە و پێکدێت لە شیکردنەوەی ئەو مانایەی کە لە مانا ڕواڵەتییەکەدا شاراوەتەوە، واتە لێکدانەوەیەی فرە مانا هەیە و وشەکان بەپێی نێو کۆ (کۆنتێکست) دەگۆڕێت**.** (امال، ٢٠١٥، ٣٣٨).

ئەم شێوازە پێمان دەڵێت چی دی زمان تاکە قۆرخکاری نییە لە توێژینەوە سیمیۆلۆجیەکاندا بەڵکو هەموو ئامرازەکانی پەیوەندیکردن دەبنە بابەتگەلی بنچینەیی لە لێکۆڵینەوەکانی سیمیۆلۆجیدا، کە بەدواداچوون بۆ سروشتی نیشانەو هۆکارو شیوازی ڕودان و دیوە شاراوەکانی بەرهەمهێنان و ئەو ئەرک و ئەو یاسایانە دەکات کە کۆنترۆڵیان دەکەن(عبدالجلیل، ٢٠٠١، ص ٥٢)

**شیکردنەوەی وێنە لەسەر بنەمای سیمولۆجی:**

ئەگەر هەر دەقێک بنەمایەک بێت بۆ سیمیۆلۆجیا، ئەوا وێنەکان لێشاوێک لە نیشانە و هێماکان لە خۆ دەگرن، لێرەوە گرنگیدان بە توێژینەوەکانی سیمیۆلۆجیا لە وێنەکاندا لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا دەرکەوتوون(شومان، ٢٠٠٧، ص ٥٩). بەڵام گریمانەکردنی میتۆدۆلۆژیایەکی یەکگرتوو بۆ شیکردنەوەی پەیامە بینراوەکانی لەسەر بنەمایەکی سیمولوجی کارێکی ئاسان نییەو بگرە ئاڵۆز و قورسن، چونکە ڕاڤەکار دەبێت لە ڕێگەی چەردەیەک ئامرازی ڕێکارییەوە بتوانێت شتە شاراوەکانی وێنەکە بدۆزێتەوە، ئەمە جگە لەوەی تێگەیشتن لەگوتاری وێنەیی پێویستی بە مەعریفە و ئەو کلتوورە هەیە، کە وێنەکەی لە نێوکۆدا گیراوە واتە لەسەر بنەمای مێژوویی و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی لێک بدرێتەوە، بۆیە شیکردنەوەی هەر وێنەیەکی فۆتۆگرافی لە سەر بنەمای میتۆدی سیمیۆلۆژیی، تەنها تێگەیشتن نییە لە رواڵەتە بینراوەکان، بەڵکو دەبێت بەدوای واتا پێشنیارکراوەکاندا بگەڕێن تا بگەینە ئەو سیستەمە ئایدیۆلۆژییەی کە نیشانانەکانی نێو وێنەکەی کۆنترۆڵ کردوون، بەڵام بە گشتی دەتوانرێت شیکاری سیمۆلۆجیا وێنەکان لە ڕێگەی تۆڕی شیکاری پەیامی بینراوەوەکانەوە ئەنجام بدرێت ، ئەو تۆڕەش زیاد لە ڕەهەندێک لە خۆ دەگرێت کە دەکرێت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە (ثاني، ٢٠٠٨، ص ص ٢٦٩- ٢٧٤):



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**١- شــیکردنەوەی هێماکانی وێنە لە ڕێگەی نێو کۆی (کۆنتێکســت) شــوێن و کاتەوە:** واتە تێگەیشــتن لە کۆی نیشــانەو هێناکان لەســەر چوارچێوەی بواری کولتووری و کۆمەڵایەتی و زانینی شــوێنەکان، فۆرمە ڕاســتەوخۆ و ناڕاســتەوخۆکان و کاریگەرییەکانیان و بەئاگا بوون لە تەواوی تێڕوانینە جۆراوجۆرەکانی بابەتەکە و لێکۆڵینەوە لە هەموو شتێک کە نوێنەرایەتی ئەو سەردەمە دەکەن کە وێنەکەی تێدا تۆمار کراوە.

**٢- شــیکردنەوەی هێماکانی وێنە بەپێی دیدگای نێرەر:** بارودۆخی بەرهەمهێنانی فۆرم و جۆری وێنەکە ( تابلۆی هونەری، لافیتەی ڕیکلام ، کاریکاتێر)، ســنوورەکەی (هەڵگرتن، پێوانە و پەیوەندی) - ژمارەی ڕەنگ و بۆشــاییە باڵادەستەکان، قەبارەکان و پلەبەندییەکانیان، ڕێکخستنی ئایکۆنی و گرنگترین هێڵە سەرەکییەکان، بە ئاگابوون لەو قوتابخانەی هونەرییەی وێنەکە دەچێتە چوارچێوەوەی، گرنگترین تەکنیک و شــێواز و تەوەرە هونەریەکانی، ئەرک وکاریگەرییەکانی کە بە ئەنجام گەیشتوون و پەیوەندییان بە ژیانی کۆمەڵگەو ئاڕاستەی کێ دەکرێت.

**٣- شــیکاری هێماکانی وێنە لە ڕێگەی (پەیامی بینراو)**: واتە ئەو تەوارانەی لە وێنەکەدا دەبینرێت لە ڕێگەی دیمەنەکانەوە،کە کۆمەڵێک نیشــانە بینراو ئایکۆن و مانای جۆراوجۆر لە خۆدەگرێت لە نێوان نیشــانە جۆراوجۆرەکانیشدا لێکدانەوەی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت.

**بەشی سێیەم: لایەنی شیکاری:**

لەم بەشەدا لەسەر بنەمایەکی سیمۆلۆجی شیکردنەوەیەک بۆ ئەو وێنە فۆتۆگرافییە دەکەین کە لە سەروبەندی شاڵاوەکانی ئەنفالدا گیراوە بەم شێوەیە:

**وێنەی سەرەکی تایبەت بە جینۆسایدی ئەنفال**



**چیرۆکی دۆزینەوەی ئەم وێنەیە:**



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ئەم وێنەیە بۆ یەکەم جار هاووڵاتییەک بە ناوی (جەبار عومەر) دەستی کەوتووە ئەویش لە کەسێکی وەرگرتووە کە لە دائیرەی ئەمن کاری کردووە، لە بەرامبەر پیدانی وێنەکەدا بڕێك پارەی لێ وەرگرتووە، دوای ئەوەی کە وێنەکە دێنێتەوە، بە گونجاوی دەزانێت . وێنەکە بدات بە بەڕێز (هۆمەر محەمەد) سەرنووسەری گۆڤاری ئەنفالستان کە ئەویش بلاوی کردەوە(گۆڤاری ئەنفالستان، ٢٠٠٨)

ئەم وێنەیە بە تاکە وێنەی ئەنفال کراوەکان دادەنرێت کە لەکاتی دەستگیرکردنیاندا کۆکراونەتەوە و جیاکراونەتەوە بەشێوەیەك ڕەگەزی نێر بەجیاو ڕەگەزی مێ بەجیا و منداڵەکانیش بە پیی تەمەنیان جیاکراونەتەوە.

ئەگەرچی بە درێژایی سەدەی بیست وێنە لە زۆر روداوی جۆراوجۆردا ئامادە بووە بەجۆرێک هیچ قۆناغێک نییە دوور بێت لە بەرهەمهێنانی وێنە یان بیرکردنەوە لە وێنە، بەو پێیەی وێنە نوێنەرایەتی زمانێکی بینراو دەکات کە لە ڕێگەیەوە دەتوانین بە ڕاستگۆیی لە ئەزموونەکانی ڕابردووی هەر ناوچەیەك بگەین، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لە پرۆسەی ئەنفالدا میدیا وینەکانی نەگرتووە تا بڵاوی بکاتەوە یاخوود زەمینەی لەبار نەڕەخسا بۆ میدیای دەرەوەی عێراق تا بتوانن رووماڵی ئەو رووداوە بکەن، بۆ نموونە لە کیمیایی بارانی هەڵەبجە هەرلەساتە وەختی ڕوودانەکەیدا ئێران دەرگای واڵاکرد بۆ میدیای نێودەوڵەتی کە گرنگی بەو ڕووداوە بدەن و بیگوازنەوە، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا لە پرۆسەی ئەنفالدا کە هیچ میدیاک ئاگادارنییە کە چی ڕوو دەدا چی ڕوو نادات، بۆیە لە ساڵی ١٩٨٨ بەشێوەیەکی زۆر بێدەنگانە پرۆسەکە ئەنجامدراوە(سەعید، ٢٠٢٣، ل ١٢٠)

**تێگەیشتن لە هێماکانی نێو وێنەکە:**

لەم بەشەدا لەسەر بنەمای خوێندنەوەی سیمولوجی هێماکانی نێو ئەم وێنە فۆتۆگرافییەی تایبەت بە جینۆسایدی ئەنفال دەکەین:

**یەکەم: ئاماژەکانی کات و وشوێن:**

بۆ ئەوەی لە ئاماژەکانی نێو هەر وێنەیەک تێ بگەین ناچارین بگەڕێنەوە بۆ نێو کۆی کات و شوێنی چرکاندنی وێنەکە ، کە بەم شێوەیەیە:

**١- کات :**

سەروبەندی شاڵاوەکانی ئەنفالی بادینانە ٢٥-٨ تا ٦ -٩/ ١٩٨٨، رژێمی بەعس لەو کاتەدا لەسەر هەردوو بەرەی شەڕ لەگەڵ ئێران و هێزەکانی پێشمەرگە سەرکەوتنی بەرچاوی تۆمار کردبوو، خۆی بەبراوەی شەڕ لەگەڵ ئێران دەزانی بەو پێیەی ئێران لە زاری رابەر ئیمام خومەینی دانی بەوەدا نا کە لەبەرامبەر رازی بوون بە راگرتنی شەڕی عێراق وەک ئەوە وایە ژەهری نۆشبێت دۆخی ناوچەکە بەگشتی لەو کاتەدا بەرژەوەندی رژێمی عێراقە، هێزی پێشمەرگە لە دۆخێکی نائاسایدابوو، لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێرو ناوچەی گەرمیان هێزی پێشمەرگە پاشەکشەیان کردبوو،(مەحمود، ٢٠٠٩، ل ٥٥) قۆناغەکانی ئەنفال لەو ناوچانەدا لە بەرژەوەندی رژێمی بەعس کۆتایی هاتبوو، بۆیە لەیەکەم بینینی نێوکۆی کاتدا هەست بە نادیاری چارەنووسی هەموو ئەوانەی دەکەیت کە بەر شاڵاوەکە کەوتوون، لە هەمان کاتدا رژێمی بەعس لەو کاتەدا لە هەوڵی جدی دەدا گورزێکی کوشندە لە پێگەو شوێنی حەوانەوەو هەموو ئەو



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هاووڵاتیە کوردانە بدات کە ببونە جێگەی داڵدەدان و حەوانەوەی هێزی پێشــمەرگە، ئەمە لەو تۆمارە دەنگییەی عەلی حەسەن مەجید بەرپرسی سەرەکی شاڵاوەکەو ئەمینداری نوسینگەی باکووری حزبی بەعس لەوکاتەدا دەردەکەوێت کە لە سەروبەندی شاڵاوەکانی ئەنفالدا لە کۆبونەوەیەکدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە سزایەکی توندی ئەوانە دەدەن کە بەر شاڵاوەکە کەوتوون.(محەمەد، ٢٠١٣، ل١٥ -١٦ )

**٢- شوێن:**

ئەگەرچی شــوێنی ئەو وێنەیە بە روونی دیار نییە و هەر ئەوەندە دەزانرێ وێنەی ئەو کوردانەیە کە بەر شــاڵاوی ئەنفـال کەوتوون، بەڵام بە گوێرەی بەدواداچونەکـانی هەردوو توێژەرو بەدواداچوونێکی بەرێز (هۆمەر محمەد) سەرنووسەری گۆڤاری ئەنفالستان شوێنەکەی قەڵای (نزارکێ) یە لە پارێزگای دهۆک واتە دوا قۆناغی شاڵاوی ئەنفالە، خودی قەڵاکە نیشــانەی مەترســیبە، چونکە ئەوانەیە بەر شــاڵاوەکە کەوتوون وەک دەســتگیرکراو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت ، قەڵای (نزارکێ) لە ناوچەی بادینان دوا بنکەی کۆکردنەوەی ئەو هاوڵاتیانەیە کە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون

**دووەم: ئامانجەکانی نێرەر.**

بۆ ئەوەی لە هێمـاکـانی نێو هەر وێنەیەک بگەین دەبێـت لە روانگەیەی بەرهەمێنی وێنەکە تێبگەین واتە ئەو دیدگایەی نێرەری وێنەکە کاری لەسەر کردووە کە دەکرێت بەم شێوەیە شیتاڵ بکرێت:

**١ -سەرچاوەی وێنەکە:**

لەلایەن وێنەگرێکی رژێمی بەعس و کارمەندێکی دەزگای ئەمنەوەو بەمەبەســتەوە گیراوە، واتە وێنەگر هەواڵی داوە ئەوە پیشـان بدات کە هێزەکانی عێراق سـەرکەوتووبوون لە دەسـتگیرکردنی ژمارەیەکی زۆری ئەوانەی هاوکاری ئێرانیان کردووە، بەو پێیەی ئامانجی ســەرەکی شــاڵاوەکانی ئەنفال لە دیدگای رژێمی عێراقەوە بریتی بوو لە رەگ و ریشە هەڵکەندنی ئەوانەی هاوکاری ئێران دەکەن(محەمەد،٢٠٢٤/٣/٢٦).

**٢ -ئەرکی وێنەکە:**

ئەرکی وێنەگر لەم وێنەیەدا زیاتر ئەرکێکی زانیاری گەیاندنە، کە هەوڵی داوە وێنەکە وەک خۆی بێ دەســتکاری بخاتە روو، بەو پێیەی ئەو زانیارییەی ئەم وێنەیە دەیگوازێتەوە بریتییە لە قەبارەی ئەو کەســانەی دەســتگیرکراوەن، لەگەڵ پیشاندانی توانای هێزەکانی عێراق لە کۆنترۆڵکردنی ئەوانەی بەر شاڵاوەکە کەوتوون.

**٣- تەکنیکی وێنەگرتن:**

وێنەکە وێنەیەکی فۆتۆگرافی رەنگاو رەنگە، لەســەر باری پانی گیراوە، وەک دیمەن (گرتە) گشـتی دوورە ، ئەمەش نیشــانەی ئەوەیە وێنەگر هەوڵی داوە چەندین توخم بخاتە روو بە مەبەســتی ناســاندنی بینەر بە شــوێنی گشــتی رووداوەکە، واتە وێنەگرەکە هەوڵی داوە زۆرترین پانتایی پیشان بدات، لە رووی گۆشەوە ئەم وێنەیەبە گۆشەی بەرز گیراوە، ئامانجی ئەم جۆرە گۆشـانەش بۆ ئەوەیە ئەوانەی لە نێو وێنەکەدان بە تایبەت ئەوانەی دانیشـتوون بەپچوک نیشان بدرێن و لە دۆخێکی لاوزازدا دەربکەون.



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**٤- وێنەکە بۆ کێیە:**

ئەم وێنەیە بۆ دام و دەزگاکانی رژێمی بەعس گیراوە بەتایبەت کاربەدەستە باڵاکانی ڕژێمی بەعس، بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەیان لە شێوازی بەرێوەجوونی ئەو پرۆسە سەربازییەو قەبارەی ئەوانەی دەستگیر کراون.

**سێیەم : ئاماژەکانی بینینسازی:**

ئەو دەمەی لەم وێنەیە ورد دەبینەوە چەندین ئاماژەو هێما خۆیان بەرجەستە دەکەن ، دیارترن ئەو ئاماژە بینینسازییانەی (المرئیات) لەم وێنەیەدا دەردەکەون بریتین لە:

**١- پرۆسەی ئەنفال... پرۆسەیەکی نەخشە بۆ داڕێژراوی سەرتاسەری بووە**

ئاماژەیەکی سەرەکی ئەم وێنەیە ئەوەیە، هەمان ئەو شێوازەی لە رووی مامەڵەکردن لەگەڵ دەستگیرکراوەکان بەدی دەکرێت، لە قۆناغەکانی دیکەی ئەنفالدا جێبەجێ کراوە، بە واتایەکی دیکە ئەوانەی لە شاڵاوی ئەنفالدا رزگاریان بووە ئاماژە بەوە دەدەن لە تەواوی قۆناغەکانی ئەنفالدا بەیەک جۆر مامەڵە لەگەڵ گیراوەکاندا کراوە(صالح، ٢٠١٣، ل٥٧) بەم شیوەیە:

**آ – شێوازی رێزکردنی دەستگیر کراوەکان:**

ئەوانەی ئەنفالکراوەن زۆربەیان ناچارکراون ریز بین واتە دابنیشن و وەک ئەوەی گوێبیستی گوتارێک بین یان چاوەڕوانی گوتارێک بن واتە ئەو شوێنەی بۆیان دیاری کراوە لێی وەستان و بواری هاتوچۆ سنوردار کراوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە وەک دیل مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، بەگویرەی جل و بەرگی دەستگیرکراوەکان کە رێک و پێکی و خاوێنی پێوە دیارە دەردەکەوێت سەرەتای دەستگیرکردنیان بێت.

ب - **جیاکردنەوە بە گوێرەی ڕەگەز :**

لە تەواوی قۆناغەکانی ئەنفالدا بەشیوەیەکی نەخشە بۆ دارێژراو دەستگیرکراوەکان لە یەک جیا کراونەتەوە، واتە شاڵاوی ئەنفال هەر لەسەرەتاوە، هەوڵی داوە ژنان لە پیاوەکان جیا بکاتەوەو هەردووکیشیان مامەڵەی دیلیان لەگەڵ بکات، ئەمەش دووبارە ئەو راستییە دەسەلمێنێت کە لە پرۆسەی ئەنفالدا و ژن هاوشێوەی پیاوەکان مامەڵەیان لەگەڵ کراوەو پێکەوە سزا دراون.

**٢- پرۆسەی ئەنفال ... جیاکاری بۆ تەمەن نەکردووە**





***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ئاماژەیەکی دیکەی بینین سازی ئەم وێنەیە تەمەنی دەستگیرکراوەکانە بەجۆرێك جیاوازی لە نێوان پیرو گەنج و منداڵدا نەکراوە، ئەم رەشبگیرییەش لە قۆناغەکانی دیکەی ئەنفالدا دووبارە کراوەتەوە، بە واتای لە ئەنفالدا تەمەن پیودانگ نەبووەو هەمووان وەک یەک تەماشا کراون.، لەوانە:

**آ- کەسانی بەتەمەن:**

لە نیو پیاوەکاندا کەسانی بەتەمەن دەبینرێت، ئەوەی تێبینی دەکرێت کەسە بەتەمەنەکان خەمباری و بێزارییان پیوە دیارە، کە ڕەنگە هەندێکیان پەیوەندی بە تەمەن و نەخۆشی و هیلاکی جەستەوە بێت و یاخوود ئەزموون و هەست کردن بەو مەترسییەی چاوەرییانە.

**ب- کۆرپەی شیرە خۆر:**

لە ڕووی تەمەنەوە تێبینی دەکرێت کۆرپەی شیرەخۆر کەلە باوەشی دایکاندا دەبینرێت، بەر پرۆسەی ئەنفال کەوتوون

**٣- دەستگیراوەکان چاوەڕەروانی ئەو ئاییندە ترسناکە نین**



ئاماژەیەکی دیکەی بینینسازی ئەم وێنەیە، ئەوەیە کە دەستگیر کراوەکان چاوەڕوانی ئەوە نەبوون بەو شێوە دڕندانەیە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و خۆیان بۆ لێپێچینەوەیەکی کاتی و ئازاد بوون ئامادەکردووە ئەم دیدگایەش ئەم ئاماژانە پشت ڕاستی دەکەنەوە:

**آ- پۆشاک**

ئەوەی جێگەی تێڕامانە، ئەوەی تێبینی دەکرێت پۆشاک بەشیوەیەکی گشتی پۆشاکێکی ئاساییە پیاوان لە ڕووی سەروبەستو پۆشاکەوە ئاسایی و ڕێک پۆشن، هەروەها پۆشاکی رەگەزی مێ لە ڕووی ڕەنگەوە ئاڵ و واڵایە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە دەستگیر کراوەکان تا چرکاندنی ئەم وێنەیە جوان پۆشن.



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034








**٢- بێ ئاگایی منداڵان:**

زۆرێک لە مناڵەکان کەبەر پرۆســەکە کەوتوون بێ ئاگان لە چارەنووســیان ، واتە بەوپەڕی بێ ئاگاییەوە مامەڵە دەکەن، تەنانەت هەندێ لە منداڵەکان لە باوەشــی داییکیاندان، هەندێ منداڵی دیکە لەو پەڕی بێ ئاگاییدا خۆیان بە شتی ترەوە وەک یاری کردن سەرقاڵ کردووە، هەندێ لە دەستگیرکراوە بەتەمەنەکان لە دۆخێکی نائارامدان، ئەمەش نیشــانەی ئەوەیە، ئەگەرچی بەرائەتی مناڵ پەیوەندی بە رق و کینەی بەرامبەروە نییە بەڵام لە ئەنفالدا هەوڵ دراوە نەوەیەک لە ناو ببرێت بێ گویدانە تەمەن تەنانەت گەر شــیرە خۆرەش بن، بە گوێرەی لێدوانێکی ســالار مەحموود پەرلەمانتاری پێشووی کوردستان لە کۆرێکی تایبەت بە سەنتەری جینۆساید لە گەرمیان لە ١٢-٣- ٢٠٢٤ جەختی لەوە کردەوە کە سێ گۆڕی ئەنفالکراوەکان لە موسڵ کە ئەنفالکراوەکانی بادینانن هەمووی مناڵ و ژن بوون.

**٤- کەل و پەلی هاووڵاتیانی ئەنفالکراو:**

لە نیو ئەوانەی بەر شاڵاوەکە کەوتوون بێ خەف و پوخچە پریاسکە دەبینرێت، کە لەگەڵ خۆیان بروویانە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئەو هاوڵاتیانە لە سەرەتادا بێ ئاگابوون لەوەی لە ناو دەبرێن ، خۆیان بۆ ئەوە داناوە ماوەیەکی کەم کۆیان بکەنەوەو دواتر ئازادیان بکەن و هەروەک رژێمی بەعس بواری پێداون ئەو کەل و پەلانە لەگەڵ خۆیان بەرن تا ئامادەبن خۆیان رادەست بکەن...

**٤- بێ باکی ڕژێم لە جێبەجێکردنی پرۆسە ئەنفال**



ئەوەی تێبینی دەکرێت رژێم بێ باکانە پرۆسـەی ئەنفالی جێنەجێ کردووە ، ئەمەش بە تێڕامان لە چەند هێمایەکی نیو وێنەکە بەدی دەکرێت لەوامە:

**آ- پاسەوانەکان:**

لەو پاسـەوانانەی بە دەوری دەسـتگیرکراوەکاندا وەسـتاون هەسـتی پێ دەکرێت، ئەو پیاوانەی رژێم کە وەک پاساوەکان بە دەوریانەوەن بە پێوەن، لە نێویاندا چەند کەسێک دەبینرێت بە بێ ئەوەی چەکیان بە دەستەوە بێت، بە ژمارەیەکی زۆر کەمی پاسەوان و ژمارەیەکی یەکجار زۆری ئەو هاوڵاتییە کوردانەی بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوتوون.

**ب- سایکۆلۆجیای دەستگیرکراوەکان:**

دەسـتگێرکراوەکان لە چارەنووسـیان زۆر دڵنیا نین هەندێکیان بە هیوای ئازاد بوونن وەک باسـمان کرد، کە لەگەڵ خۆیان شـت و مەک و کەل و پەلی ناوماڵیان هێناوە ، بەڵام بەگشـتی گیراوەکان لە دۆخێکی دەروونی سـەختدان، کە بە تەواوی توانای بەرەنگاربوونەوەبان نەماوە و رادەسـتی ئەو دۆخە بوون کە رووبەروویـان بۆتەوە، واتە عەقڵی دەسـتە جەمعی گیراوەکان لە دۆخی خۆ رادەسـتکردن و تەسـلیم بوونە بە ئەمری واقع، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەی هەموو گیراوەکان هەستیان بەوە کردووە دەربازبوون مەحاڵە، ئەمە جگە لەوەی دڕندایەتی دەزگا و کاربەدەستانی رژێم بەتایبەت بەر لە گواسـتەوەی ئەنفالکراوەکان بۆ ئەو قەڵایە هێندە ترسـناک و وەحشـی گەرانە بووە دەسـتگیر کراوەکان توانای روبەرووبونەوەبان لەدەسـت داوە، چونکە پێشـتر لە هێرشـەکەی بادینان بە کیمیابارانی ناوچەکە دەسـتی پێکردو رۆژانی دواتر لەهەموو لایەکەوە سـوپا بە هێرشـی زەمینی پێشـڕەوی کرد بوو لە گوندی کورێمێ سەرەتا لە دیوی مانگێش و لەوبەریشیەوە لە زنجیرە شاخی (مەتین ) سوپا لە گوندی کوڕێمی خەڵکەکیان گەمارۆدا، دوای گرتنی خەڵکەکە دەستیان کرد بە جیاکردنەوە (٣٣) کەس و بەبەرجاوی خەڵکەکەوە گولە باران کران(سابیر، ٢٠١٨)



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**دەرئەنجام:**

١- ئەم وێنەیە واقیعێکە کە پەیوەستە بە ڕوودانی چرکەساتی دەستگیرکرنی ئەنفالکراوەکانی بادینان، کە تیایدا واقیعی بیرکردنەوەی بەعس دەردەخات، لەگەڵ تێڕوانینی دەستگیرکراوکان لەو دۆخەی دووجاری هاتوون.

٢- کاتێك شایەتحاڵەکان لە ناو چوون یان دیارنین، بەڵام ئەم وێنەیە ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە چۆن کەس و کاری ئەنفالکراوەکان کۆکراونەتەوە و جیاکراونەتەوە بەرەو مەرگ ڕەوانەکراون

٣- نێوکۆی کات و شوێن دوو ئاماژەی گرنگی وێنەکەی پرۆسەی ئەنفالە، ئەم پرۆسەیە لە کاتێکدا ئەنجام دراوە، کە رژێمی بەعس لە ئەو پەڕی هێزەوە مامەڵە دەکات و شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران کۆتایی هاتووەوە و خۆی وەکو براوە پیشان دەدات و هەموو توانا سەربازی و ئەمنییەکانی تەرخان کردووە بۆ تۆڵە سەندنەوە لەو کوردانەی ببونە پاڵپشتی هێزی پێشمەرگە، لە رووی شوێنەوە وێنەکە وێنەی ئەنفالی بادینانە کە دوا وێستگەی ئەو پرۆسە بەدناوەیە، رژێم هەوڵی داوە ئەو پەڕی توانای خۆی لەو شوێنەدا چڕ بکاتەوە ، ئەمەش لە لێدوانی بەرپرسانی ئەو دەمەی رژێمی بەعس بەرجەستە بووە، کاتێک جەختیان لەوە دەرکردەوە هەموو توانایەک دەخەنە گەڕ بۆ سزادانی ئەو هاوڵاتیانە کوردە.

٤- ئاماژەکانی نێو وێنەکە چ لە رووی ئەرک و سەرچاوەو تەکنیکەوە ئەوە دەخەنە روو کە رژێم لە پرۆسەی ئەنفالدا قەبارەو ژمارەی دەستگیرکراوەکانی زۆر بەهەندەوە وەرگرتووە، دەستگیر کردنی ئەو هاووڵاتیانە بە دەستکەوت دەزانێت و وەک سەرکەوتن تۆماری کردوون.

٥- پەیامی بینینسازیی وینەکە پێمان دەڵێت پرۆسەی ئەنفال پرۆسەیەکی گشتگیر بووە جیاوازی لە نێوان ژن و پیاو منداڵ و پیرو گەنجدا نەکردووە، دۆخی دەروونی دەستگیرکراوەکان دۆخێکی نائاسایی و هەستکردنە بە چارەنووسێکی نادیار.

**پێشنیاز:**

١- کۆکردنەوەی زۆرترین کەرەستە ئەرشیفیەکانی تایبەت بە ئەنفالکراوەکان تا لە ناوچوون بپارێزرێت .

٢- گرنگیدانی زیاتر بە تەواوی ئەو بەڵگە وێنەیی و دەنگی و نووسراوانەی شاڵاوی ئەنفالیان تۆمار کردووەو بڵاوکردنەوەیان لەلایەن دامەزراوە تایبەتمەندەکانی بواری ئەنفال و جینۆساید.

**٣-** دورستکردن و بەرهەمهێنانی فیلمی دیکۆدرامی لەسەر بنەمای گێڕانەوەی شایەتحاڵەکانی شالاوی ئەنفال.

**ڕاسپاردە**

١- پێویستە وێنەکانی ئەنفال زیاد لە میتۆدێك شیکردنەوەیان بۆ بکریت، چونکە هەڵگری چەندین ڕەهەندی جۆراو جۆرن

٢- ئەنجامدانی شایکاری ناوەرۆکی چەندایەتی بۆ تەواوی ئەو هەواڵ و زانیارییانەی تابەتن بە شالاوی ئەنفال و لە میدیاکانی سەدەمی بەعس بڵاوبونەتەوە.

٣- ئەنجامدانی زیاتری توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەنفال بە زمانی ئینگلیزی و بڵاو کردنەوەی لە گۆڤارە جیهانییە ئاست بەرزەکان بەو پێیەی پرسی ئەنفال کە لەسەر ئاستی توێژینەوە زانستییەا جیهانییەکاندا پێویستی بە ناساندنی زیاترە.



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**لیستی سەرچاوەکان:**

**توێژینەوە بە زمانی کوردی**

(فەرەج، ٢٠٢٢) ، جەمال مەجید ، جینۆسایدی باشوری کوردستان، پرۆسەی ئەنفالی یەك بەنمونە (٢/٢١ – ١٩٨٨/٣/١٩) ، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو.

**توێژینەوە بە زمانی عەرەبی:**

(امال، ٢٠١٥) عثمان ، تأويل ناصر حامد ابو زيد للنص الديني (القراني) مجلة فتوحات، العدد الثاني،

**سەرچاوە بە زمانی کوردی**

(ڕۆستەم ٢٠٢٣) فەتاح مەحمود (فەتاح تەنیا) ، ڕەنگدانەوەی ئەنفال لە هۆرەی کوردیدا، کۆنفرانسی زانستیی جینۆساید ڕەنگدانەوەی لە ئەدەب و هونەردا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارزان.

(عەزیز، ٢٠٠٥) محمد ڕەئوف ، ئەنفال وڕەهەندە سۆسیۆلۆژییەکان ،چ ١، چاپخانەی تیشك ،سلێمانی. (مەحمود، ٢٠٠٩) عەبدوڵا کەریم ، ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال، سلێمانی.

( مەلا شاخی،٢٠٠٧) ئەنفالی ڕەش، چ ١، چاپخانەی کاروخ سلێمانی، بازاڕی سۆز، کەرکوك.

(میدڵ ئیست وۆچ،٢٠٠٤) جینۆساید لە عێراقدا پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە؛ محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.

(محەمەد، ٢٠١٣) عومەر، هاشم دەربازبوویەکی کۆمەڵکوژی ئەنفال، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

**سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:**

(ثاني ، ٢٠٠٨) قدور عبد الله ، سيميائية الصورة: مغامرة سيميائية في اشهر الارساليات البصرية في العالم - الإرساليات البصرية في العالم، عمان، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع.

(رسول، ٢٠٠٥) شۆڕش حاجى ،الانفال الكردو دولة العراق،ترجمة مديرية ترجمة وزارة الپقافة، مطبعة شفان، سليمانية.

(شومان، ٢٠٠٧) محمد ، تحليل الخطاب الاعلامي اطر نظرية ونماذج تطبيقية، القاهرة ، الدار المصرية اللبنانية.

(عبد الجليل، ٢٠٠١) منقور ، علم الدلالة: أصوله ومباحثه في التراث العربي، دمشق، من منشورات اتحاد كتاب العرب.

**گۆڤارو بڵاوکراوەکان**

(ئەحمەد ، ٢٠٢١) عەدنان ، جینۆساید، تاوانێکی گەورە و وانەیەکی بچووک. گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە(٦).

(تەنیا، ٢٠١٠) فەتاح، بۆئەوەی بزانین ئەنفال چۆن کرا بەرامبەر نەتەوەکەمان ، گۆڤاری ناسنامە، ژمارە (١)، ساڵنامەیەکی تایبەتە بەئەنفال وجینۆساید ڕێکخراوی چواردەی چوار دەری دەکات، چاپخانەی کوردستان.

(سەعید، ٢٠٢٣) ئیبراهیم ، پرۆسەی ئەنفال لە بێدەنگییەکی میدیاییدا ڕوو دەدا بەپێچەوانەی کیمیابارانەوە، گۆڤاری ئەنفال، ژمارە (١).

(شامحەمەد، ٢٠٠٧) وەهاب ، لەئەنفالی ئیسلامەوە بـو ئەنفالی کورد، گۆڤاری هەشتاوهەشت ، ژمارە (٧ ـــــ ٨)، چاپخانەوئۆفیسی ئاکام، ساڵی سێ یەم .

(فەرەج، ٢٠١٣) لەتیف فاتیح ، جیاکردنەوەی قۆناغەکانی جینۆساید لە باشوور و یەك دوو قسە، گۆڤاری ناسنامە، ژمارە (٥).

(گوڵپی ، ٢٠٢١) فایەق ، جینۆساید، تاوانێکی گەورە و وانەیەکی بچووک. گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە(٦).

(صالح،٢٠١٣) کافیە ڕەشید، ڕزگاربووی زیندانی نوگرەسەلمان، لە نوگرەسەلمانەوە بۆ ئۆردووگای صمود، گۆڤاری ناسنامە، ژمارە (٥).

(گۆڤاری ئەنفالستان، ٢٠٠٨ه ژمارە (٥)

**سەرچاوەی ئەلکترۆنی:**

(سابیر، ٢٠١٥) سمکۆ ، هاشم محەمەد دەربازبووی ئەو کۆمەڵکوژییە چیرۆکی گوللەبارانکردنیان دەگێڕێتەوە، ماڵپەڕی ئەنفالستان، **http://www.anfalistan.com**

(جەباری، ٢٠٢٤) کازم، پانۆرامای گەشتی ئەنفال،ماڵپەڕی چاوی کورد، **https://chawykurd.com/**١٤/٠٤/٢٠٢٤

**چاوپێکەوتن:**

(محەمەد، ٢٠٢٤/٣/٢٦) هۆمەر، سەرنووسەری گۆڤاری ئەنفالستان، سلێمانی.

**The symbolic signs of a photographic image of the Anfal genocide**

Abstract

This study is an attempt to be aware of the symbolic signs in a photograph taken in the castle (Nzake) of Duhok province in the time of the Anfal genocide.

The purpose of this study is to present the symbols that are in the photograph, for this purpose, based on the method of qualitative analysis of symbolism, which is one of the methods to determine the various signs of the photography on the visible and invisible levels, has reached a number of conclusions, including: the symbolic signs of the Photograph in terms of visualization shows that the Anfal process was a comprehensive process did not distinguish between men and women, children, old and young. The mental state of the detainees is unusual and uncertain.